# قەیرانی لۆبنان و ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگێکی تری نێوخۆیی

یاساناس  هەڵکەوت حیکمەت مەلاعلی
سوێد



قەیرانە سیاسیەکان لە لۆبناندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو دۆخێکی نالەباردا هەنگاو دەهاوێژێت پاش ئەوەی کە شەش وەزیر کە بە لایەنگرانی سووریا ناسراوەن لە گەڵ پێنج وەزیری شیعە سەر بە حیزبوڵلا پۆستەکانیان لە نێو حکومەتدا بە جێهشت، لەم حالەتەدا ئەگەر کەسانیکی تر واز لە  پۆستەکانیان بهێنن ئەوا بە پێ ی دەستووری لۆبنانی حکومەت شەرعیەتی خۆی لە دەست دەدا.

نەتەوەیەکگرتووەکان   پێشنیاری دادگایەکی نێودەوڵەتیان کاتی یان کردەوە بۆ لێپرسینەوە لە چۆنیەتی تیرۆر کردنی سەرۆك وەزیرانی پێشووی لۆبنان ڕەفیق حریری و هاوەڵەکانی ئەم پێشنیارەش لە لایەن فوئاد سنیوورە و کابینەکەیەوە ڕەزامەندی لە سەر دراوە.

دادگاکە کە پێ دەوتریت تروبیونال دەبیت پێکهاتەبیت لە دادوەرانی لۆبنانی و بیانی بەڵام بە پێ ی هەندێ سەرچاوە نابیت ئاماژە بە تاوانبار کردنی هێچ سەرۆك وڵاتێك بکرێت، ئەگەر چی زۆربەی لۆبنانیەکان پەنجەی تاوان بۆ هەر یەك لە سەرۆك کۆماری سووریا بەشار ئەسەد و سەرۆك کۆماری لۆبنان ئەمیل لحود ڕادەکێشن.

تیرۆر کردنی ڕەفیق حریری لە شوباتی 2005 دا ئەگەر چی کۆست و خسارەتێکی گەورە بوو بۆ لۆبنانیەکان بەڵام لە هەمان کاتدا  لە بەرگیکی تردا و لە  چوارچێوەیەکی ڕەسمیدا بووە فاکتەری یەك ڕیزی و یەکگرتنەوەی زۆربەی چین و تۆیژەکانی نێو کۆمەڵگەی لۆبنانی و وە لە هەمان کاتدا بووە کەناڵێکی یەکگرتووی سیاسی لۆبنانی. یەکێك لە هۆکارەکانی بەردەوام بوونی قەیران و کێشە هەڵواسراوەکان دەسەڵاتی سیاسی  لەم وڵاتەدا دەگەریتەوە بۆ بوونی ئەو پێکهاتە فرەیەی کە لە وڵاتدا هەیە لە مەسیحی و سوونەکان و شیعەکان و دروسەرەکان کە هەر یەك لەمانە خاوەن جۆرێك لە هێزەن و سەنگی خۆیان هەیە لە نێو هاوڵاتیانی وڵاتدا. بە پێ ی هەندێ سەرچاوە سەرهەڵدانی ئەم قەیرانە گرێ دەدەن بە شیعەکانی لۆبنان واتە حیزبوللا چونکە ئەوان

داوای پێکهێنانی حکومەتێکی فرە جۆری نەتەوەی دەکەن، حیزبوللاّ  بە پاڵپشتی و هاوکاری هاوپەیمانەکانی داوای سێ بەشی پۆستە وەزاریەکان دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت مافی ڤیتۆ بە کار بهێنێت لە هەر بڕیاریکدا کە لە بەرژوەندی ئەواندا نەبێت، ئەم داوایە لە لایەن سەرۆك وەزیرانی لۆبنانیەوە فوئاد سنیوورەوە ڕەت کرایەوە بوویە حەسەن نەسرولاّ هەڕەشەی ئەوەی کرد کە لە ڕیگای ڕیپێوانی جەماوەریەوە فوئاد سنیوورە ناچار دەکەین کە واز لە پۆستەکەی بهێنێت، ئەگەر چی ماوەی یەك هەفتە دانووستان بەردەوام بوو لە نێوان لایەنەکاندا بەلاّم دانووستانەکان هێچ دەرئەنجامی لێ نەکەوتەوە و بووە هۆی کشانەوەی هەندێ وەزیر لە پۆستەکانیان. هەرچی بزوتنەوەی جەماوەری چواردەی ئازار حیزبوللاّ تاوانبار دەکات بەوەی کە دەیانەوێت حکومەتەکەی سنیوورە بڕوخێنن ئەمەیش بە ڕاسپاردەی هەر یەك لە ئێران و سووریا کە ئامانجیان کۆسپ دروست کردنە لە بەردەم لێژنەی دادگای نێودەوڵەتی کاتی بە تیرۆر کردنی ڕەفیق حریری چونکە بە پێ ی سەرچاوەکان ئەنجامەکانی ئەم دادگایە نێودەوڵەتیە لە بەرژەوەندی ڕژیمی سووریاو سەرۆکی کۆماری لۆبنانی لحوددا نیە، لە هەمان کاتدا چوار بەرپرسی ئاسایش کە سەر بە ئەمیل لحود بوون گیراون کە گۆمانی ئەوەیان لێ دەکرێت کە دەستیان هەبووە لە پلان دانان و تیرۆر کردنی حریریدا.

لە لایەکی دیکەوە حیزبوللاّ بەوە تاوانبارە کە هەوڵ دەدات و  دەیەوێت لۆبنان بگۆڕێت بۆ کۆمارێکی ئیسلامی لە شێوەی ئێران، وە بە پێچەوانەوە حیزبوللاّ بزوتنەوەی چواردەی ئازار بە هاوپەیمانی ئەمریکا و ئیسرائیل تاوانبار دەکات. ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەت توان و سیاسەت شێکەرەوەکان ترسی ئەوەیان هەیە کە وا جارێکی تر جەنگی نێوخۆی لەم وولاّتەدا سەر هەڵبداتەوە و وا مەزندە دەکەن هاتنە سەرشەقامی هاولاّتیان و پرۆتێست کردنەکان لە بیرۆت سەرەتای هەنگاوەکان بێت. دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کەوا جەنگی هاوینی نێوان ئیسرائیل و حیزبوللاّ زۆر لە مەسەلەکانی گۆڕی چ لە ئاستی نێودەوڵەتیەوە وە چ لە ئاستی وولاّتانی عەرەبیەوە کە ڕێژەیەکی زۆریان حیزبوللاّیان بە دەسپێشخەر دادەنا لە بەرپا کردنی جەنگەکەدا بەو ئامانجەی کە هێزو نفۆزی ویلایەتەیەکگرتووەکان کەم بکاتەوە لە ناوچەکەدا.

ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆ لە لۆبناندا هەیە کە خۆی لە تیرۆر کردنی کەسایەتیە سیاسیە ناودارەکانی نێو حکومەت و دەسەلاّتدا دەبینێتەوە مێژوو و باگراوندێکی تا ئەندازەیەك کۆنی هەیە کە دەگەریتەوە بۆ ساڵی1975 ئەو کاتەی کە هەوڵی تیرۆرکردنی بیار جەمیل درا بەلاّم هەوڵەکە سەری نەگرت ئەگەر چی هەر ئەم ڕووداوە بووە هۆی دەستپێکی شەڕی ناوخۆ. بەلاّم ئەم جارە دەستی تیرۆر دەگاتە سەر کەسایەتی سیاسی لاو  بیار جەمیل کە تەمەنی سی و چوار ساڵە ئەم کەسایەتیە سیاسیە لاوە برازای بەشیر جەمیلە کە لە ساڵی 1982 تیرۆر کرا کە ئەوکات لۆبنان لە

گەرمەی جەنگی ناوخوودا بوو، تیرۆر کردنی بەشیر جەمیل پێش چەند هەفتەیەك بەر لەوەی پۆستی سەرۆك کۆماری وولات بگرێتە ئەستۆ دێت بەڵام پاشان ئەمین جەمیلی برای لە جیٚ دانرا کە تا ساڵی 1988 پۆستی سەرۆك کۆماری وولاتی بەڕیووە دەبرد. ئەم خانەوادەیە بە درێژایی مێژووی سەربەخۆیی لۆبنان رۆڵ و دەسەڵاتی سیاسیان هەبووە لە نێو لۆبناندا وە گەورەترین خانەوادەی لۆبنانین کە ڕۆبەڕووی کردەوەی تیرۆری سیاسی بوونەتەوە. بیار جەمیل کە باپیری بیار جەمیلی کوڕی ئەمین جەمیلە لە ساڵی 1930 دا کە پارتی کەتائیبی دروست کرد.

تیرۆر کردنی بیار جەمیلی کوڕی ئەمین جەمیل کە وەزیری پیشەسازی بوو فاکتەریکی دیکەیە بۆ زیاتر قول کردنەوەی قەیرانەکان لە لۆبناندا، ئەم کردەوە تیرۆریستیە جاریکی تر هەست ودەروونی لۆبنانیەکانی هەژاند بە جۆرێك کە بۆ جارێکی تر رژانە نێو شەقامەکانی بیرۆت، ئەم جارەش بە هەمان گوڕو تینی یەك ساڵ لەمەوبەر کاتێك سەرۆك وەزیرانی وولات تیرۆر کرا، ئەم جارەش دەستی تاوان بۆ سووریا ڕادەکێشرێت بە تایبەتی لە لایەن کەسایەتی سیاسی ناوداری لۆبنان وەلید جونبولاٚت سەرۆکی پارتی ئیشتراکی پێشکەووتووی لۆبنان.

زۆر لە لۆبنانیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئامانجی سووریا ئەوەیە کە بارودۆخی ئاسایش لە لۆبناندا تێك بدات و ئەو حکومەتەی کە لە سەر بنەمای هەڵبژاردنێکی ئازاد پێکهاتەوە تێکبدات ئەویش لە ڕیگەی هەر یەك لە حیزبوللاٚ و ئەو گروپانەی کە سەر بە دەوڵەتی سووریان.

هەر لەم ئاراستەیەدا سەعد حریری کوڕی ڕەفیق حریری لە وەتەکەیدا لە بەردەم ئاپۆڕای جەماوەردا لە گۆڕەپانی شەهیدان ڕاشکاوانە سووریای بە ئەنجام دەری ئەم کردەوە تیرۆریستیە پێناسە کرد بە جۆرێك وەك ئەو ووتی سووریا دەخوازێت هەموو مرۆڤێکی ئازادی وولاٚتەکەمان بکوژێت.

تیرۆر کردنی بیار جەمیل تەنها کاریگەری لە سەر خودی وولاٚتی لۆبنان نیە بەڵکو کاریگەری و پەرشی هەیە بۆ هەموو ناوچەکە بە تایبەتی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندارن بە بارودۆخ و ئاسایش و دۆسییەی عیراقەوە، لە ڕبردوودا بە تایبەتی لە سەرەتای نەوەدەکانەوە کاتێك حکومەتی بەعسی عیراق کویتی داگیر گرد ئەو کات وولاٚتی سووریا یەکێك بوو لەو وولاٚتانەی کە پشتگیری لە بڕیارەکانی وویلایەتە یەکگرتووەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە لێدانی عیراقی دەکرد. لەو سەردەمەدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جیمس بێکەر بوو کەوا ئێستا سەرۆکی کۆمیتەی ئەکرووس پۆڵێتیکە کە پێشنیاری ستراتیژیەتێکی ئەمریکی نوٚی دەکات بۆ بارودۆخی عیراق، وە یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی کردنەوەی دەرگای دیالۆگە لە گەڵ هەر یەك لە سووریا و ئێران، بەڵام ڕووداوی تیرۆر کردنی بیار جەمیل پیٚ ی دەچێت دۆخەکە بگۆڕیت چونکە وولاٚتە

زلهێزەکانی وەك ئەمریکا و بەریتانیاو فەرەنسا زۆر بە توندی سەرکۆنەی ئەم کردەوە تیرۆریستیە دەکەن وە لە هەمان کاتدا پشتگیری خۆیان بۆ هاوڵاتیانی حکومەتی لۆبنانی دووپات کروەوە.

زۆر سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە وولاتی سعودیە هاوکاری لۆبنان دەکات بۆ ئەوەی سوونەکان هەژموونی تەواویان هەبێت بە سەر وولاتدا وە بە پێچەوانەشەوە ئێران و سووریا هاوکاری حیزبوللا دەکەن، کەواتە شەڕی تائیفی تەنها لە عیراقدا نیە بەڵکو لە زۆر شوێنی تر هەیە.

لە کۆتاییدا وا پێ ی دەچێت کە لۆبنان بوو بێتە گۆرەپانێك بۆ کایە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.